عنوان فرعی:

**-گەل رۆڵێکی بەردەوامی هەیە کە لە رێگەی تەحەددای سیاسیو هاوکاری نەکردن پێی هەڵدەستێ لەدژی هەر رژێمێکی حوکمی دیکتاتۆری گەر بیەوێ دامەزرێ..**

**- دەرەنجامە دەروونیە گرنگەکانی تێکۆشان پۆزەتیڤانە رەنگدانەوەیان دەبێ بەسەر زیادکردنی متمانەی گەلان بەخۆیانو رێزگرتنی زیاتر لەخۆیان..**

**- هیچ هێزێکی دەرەکی نییە ئەو ئازادییە ببەخشێتە گەلانی چەوساوە کە ئارەزووی دەکەنو، پێویستە خەڵك فێربن کە چۆن خۆیان ئەو ئازادییە بەدەست دەهێنن، ئەمەش ئاسان نییە..**

# بنچینەکانی جێگیربوونی دیموکراسیەت ★

ن/ جین شارب

و/محەمەدی مشیر- بەشی دووەم

## سیاسەتی داکۆکیکردنی دیموکراسیانە

رەنگە دەوڵەتی رزگارکراو رووبەڕووی هەڕەشەی بیانی ببێتەوە کە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان پێویستی بە توانا گەلێکی داکۆکیکردن هەیە، لەوانەشە رووبەڕووی هەڕەشەی ئەو هەوڵە بیانیانە ببێتەوە کە مەبەستیان کۆنترۆڵکردنی ئابووری یان سیاسی یاخود سەربازی وڵاتەکەیە، بۆیە پێویستە لەسەرمان پراکتیزەکردنی پرانسیپەکانی تەحددای سیاسی بە جیددی وەرگرین لەپێناو پاراستنی دیموکراسی ناوەخۆ. (3) چونکە بە دابینکردنی تواناکانی بەرەنگاربوونەوە لەبەر دەستی گەل دا ،دەوڵەتی تازە رزگاربوو توانای دەبێ خۆ لە بنیاتنانی توانای سەربازی گەورە لابدات کە هەڕەشە لە دیموکراسیەت دەکات، یان پێویستی بە بەکاربردنی سەرچاوەگەلێکی ئابووری مەزن دەبێ کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دیکە پێویستن !

پێویستە ئەوەمان لەبیربێ کە هەندی گروپ هەڵدەستن بە فەرامۆشکرنی ئەحکامە دەستوورییەکان لەپێناو دامەزراندنی رژێمی حوکمێکی دیکتاتۆری نوێ، بۆیە گەل رۆڵێکی بەردەوامی هەیە کە لە رێگەی تەحەددای سیاسیو هاوکاری نەکردن پێی هەڵدەستێ لەدژی هەر رژێمێکی حوکمی دیکتاتۆری گەر بیەوێ دامەزرێو، لەهەمان کاتیشدا ئەو رۆڵە دەگێڕێ لەپێناو پاراستنی ئیسکلێت (هیکل)و مافەکانو رێوشوێنە دیموکراسییەکان.

## بەرپرسیاریەتیەکی مستەهەق

بەرهـەمی تێکۆشـانی ناتوندوتیـژ تـەنها لـە لاوازکـردنو نەهێـشتنی حاکمـە دیکتاتۆرەکانـدا بەرچاو ناکەوێ، بەڵکو بەهەمان شێوە لە بـەهێزکردنو پتـەوکردنی ئـەو گەلانەشـدا دەبینـرێ کـە بەدەسـت چەوسـاندنەوەی ئـەو حاکمانـە گرفتـاربوون، چـونکە ئـەو پتەوکردنـە توانـا دەبەخشێتە ئەو گەلانەی رۆژێك لەرۆژان هەستیان دەکـرد کـە تـەنها داشـی شـەترەنجن یـاخود قوربانین، بەشـێوەیەکی راستـەوخۆ هێـز بەدەسـت بهێـننو بـە پـشت بەخۆبەسـتن ئازادییـەکی گەورەترو دادپەروەرییەکی مەزنتر دەستەبەر بکەن. دەرەنجامە دەروونیە گرنگەکانی تێکۆشـان پۆزەتیڤانـە رەنگدانـەوەیان دەبـێ بەسـەر زیـادکردنی متمانـەی گـەلان بـەخۆیانو رێزگرتنـی زیاتر لەخۆیان.

یەکێ لەگرنگترین دەرەنجامە بەسوودەکانی تێکۆشانی نا توندوتیـژ بـۆ بنیاتنـانی حکومـەتێکی دیموکراسی، لەماوەیەکی دوورتردا، بریتیە لەوەی کە کۆمەڵگە توانای زۆرتر بـەدەسـت دەهێنـێ بۆ چارەسەرکردنی گرفتە هەنووکەیی‌و گرفتەکانی ئاینـدە، کـە رەنگـە گەنـدەڵی حکومـەت، یـا ئەنجامـدانی توندوتیـژی لـەدژی گـروپ گـەلێکی دیـاریکراو ، یـاخود نـەبوونی دادپـەروەری ئابووری بگرێتە خۆو، کۆت لەسەر یەکسانی دیموکراسیانە لەسیستەمی سیاسـیدا دابنـێ. ئیـدی ئـەو گەلانـەی خـاوەن ئـەزموونن لـە تەحـەددای سیاسـیدا کـەمتر دووچـاری رژێمـی حوکمـە دیکتاتۆرەکان دەبنەوە.

زانینی بـەکارهێنانی تێکۆشـانی ناتوندوتیـژ، دوای رزگـاربوون ، رێگـا گـەلێك دابـین دەکـات بـۆ داکــۆکیکردن لــە دیموکراسـیەتو ئازادییــە ســڤیلەکانو مافــەکانی کەمینــەکانو تایبەتمەندییـەکانی حکومەتـە خـۆجێیی‌و هەرێمـەکانو دامـەزراوە سـڤیلەکان، هـەروەها ئـەم رێگایانە توانا دەبەخشنە تاكو گروپەکان کـە نـاڕەزایی خۆیـان، بەشـێوزای ئاشـتیانە دەربـڕن بەرانبەر کێشەگەلێکی گرنـگ، بێئەوەی پەنا بەرنـە بـەر تـیرۆرو جـەنگی پـارتیزانی کـە رەنگـە هەندێ گروپی بەرهەڵستکار پێڕەوی بکەن.

مەبەست لە خستنە رووی ئەو بیرۆکانە لە ئازامیشتکردنی تەحددای سیاسی یان تێکۆشـانی نـا توندوتیـژ، یارمەتیـدانی ئــەو تــاكو گروپانەیــە کــە هەوڵــدەدەن لــەپێناوی دەربــازبوون لەچەوسانەوەی دیکتاتۆری‌و دامەزرانـدنی سیـستەمێکی دیموکراسـیانەی بـەردەوام کـە رێـز لـە ئازادییە مرۆییەکانو ئەو کارە جەماوەرییانەبگرێ کە ئامانجیان پێشخستنی کۆمەڵگەیە.

لێرەدا سێ بەرەنجامی سەرەکی لەو بیرۆکانەی خراونەتە روو بەدەست دەهێنین کە ئەمانەن:

*رزگاربوون لە رژێمێکی حوکمە دیکتاتۆرەکان کارێکە دەکرێ.

*بەدەستهێنانی رزگاری بایەخی تەواوی بیرکردنەوەو پلاندانانی گەرەکە .

*وریابوونو کاری بێووچانو تێکۆشانی دیسپلینکراو، کە هەندێ جاران گران بەهان، کاری پێویستن.

ئەو گوتە بەربلاوەی کە دەڵێ (ئازادی بە خۆڕایی نایەت) وتەیەکی راستە، چونکە هیچ هێزێکی دەرەکی نییە ئەو ئازادییە ببەخشێتە گەلانی چەوساوە کە ئارەزووی دەکەنو، پێویستە خەڵك فێربن کە چۆن خۆیان ئەو ئازادییە بەدەست دەهێنن، ئەمەش ئاسان نییە.

تێگەیشتنی خەڵك لەوەی کە لێیان داواکراوە لەپێناو دەستەبەرکردنی ئازادی، توانایان پێدەبەخشێ کە نەخشە بۆ کارەکانیان دابنێن کە بەرەو بەدەستهێنانی ئەو ئازادییە پێشەنگییان دەکا وێڕای ماندووبوونێکی زۆر، دواتریش توانایان دەداتێ لە رێگەی کۆڵنەدانەوە، سیستەمێکی دیموکراسی نوێ بنیات بنێنو، خۆشیان ئامادە بکەن بۆ داکۆکیکردن لەو سیستەمە.

ئەو ئازادییەی لە رێگەی ئەم جۆرە تێکۆشانەوە دێتە دەست دەمێنێو، پارێزگاری کردنیشی لە رێگەی یەکانگیری جەماوەرو پاراستنیو پشتیوانی کردنیەوە دەبێ.

پەراوێزەکان:

*فەسڵی دەیەمی (لە دیکتاتۆرییەتەوە بەرەو دیموکراسی)، د. جین شارب.

1- Aristotle, The Politics, Book V, Chapter 12, P.2333.

2- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (کودەتاکان لەدژی بەرەنگاری)

( Gene sharp. The Anti- Coup (Boston, MA)

ئەنستیتۆی ئەلبێرت ئەنشتاین 2003.

3-بڕوانە : gene sharp. Cirilian-Based defense:

A post-Military Weapons System (Princeton, New jersey: Prin ceton University Prees, 1990).